## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٥١) لە ٢٠٢٢/٦/٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و دەستەی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٣) لە ٢٠٢٢/٦/٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی سەرجەم ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی هاتوو لە ڕاپۆرتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و خستنەڕووی بەڕێز سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەت و ستراتیجی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار.

٢. پێدانی دەسەڵاتی پێویست بە وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بەپێی تایبەتمەندیی بۆ جێبەجێکردنی پێشنیار و ڕاسپاردەکانی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان.

٣. ڕاسپاردنی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بە هەماهەنگیی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و دەستەی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بۆ هەماهەنگی و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و داڕشتنی پلانی جێبەجێکردن بە جۆرێک میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و پێشنیارەکان لەخۆ بگرێت، چ بە ڕێکاری تەشریعی یان پەیڕەو یان بڕیار و فەرمان لەگەڵ دیاریکردنی پێداویستییەکانی جێبەجێکردن و ماوەی پێویست بۆ هەر وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار بەم بابەتە و ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکان و خستنەڕووی پێشنیاری پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**